# ڕوونکردنەوەیەکی کورت لەسەر سێ (ی) و سێ (و)

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی

ئامادەیی (سلێمانی)ی کچان

هەینی (٢٠٢٣/١٠/٦)

**ئەم ڕوونکردنەوەیەی خوارەوەم لە ئەنجامی پرسیارێکەوە نووسیوە.**

**ئەوەندەی من بزانم، سێ (ی) پێکەوە و بە دوای یەکدا لە یەک وشەدا نیمانە، وەک چۆن سێ (و) پێکەوە و بە دوای یەکدا لە یەک وشەدا نیمانە، بەڵام ئەمانە ئەو کاتە دروست دەبن، کە دوو کەرەستە دەچنە سەر یەک، وەک:**

**یەکەم: بۆ هاتنی سێ (ی) بە دوای یەکدا لە چەند حاڵەتێکدا دروست دەبێت، وەک:**

**١- ناوبەندی (ی):**

**نم/ شایی + ی + ەکە = شاییەکە** = şayîyeke

**٢- جێناوی کەسیی لکاو بۆ سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی یەکەم (ی):**

**نم/ سەربەخۆیی + ی + دەوێ. = سەربەخۆییی دەوێ.** = serbexoyîy dewê.

**٣- ئامرازی دانەپاڵی (ی):**

**نم/ سەربەخۆیی + ی + کوردستان = سەربەخۆییی کوردستان** = serbexoyîy kurdistan

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

**دووەم: بۆ هاتنی سێ (و) بە دوای یەکدا، وەک:**

**ناوبەندی (و):**

**نم/ پەموو + و + ەکە = پەموووەکە = pemûweke**

**بەڵام جیاوازیی نێوان سێ (ی) و سێ (و) لەوەدایە، کە سێ (ی) سێ پیتە بەڵگەمان سەیری لاتینییەکان بکە، بەڵام سێ (و) سێ پیتی جیاواز نین، بەڵکو دوو پیتن و لە ئەلفبێی لاتینیدا کێشەی نییە، بەڵام لە ئەلفبێی کوردیدا، لەبەرئەوەی تا ئێستا بۆ واوی درێژ هێمای (وو) بەکاردەهێنین، بۆیە ئەو گرفتەمان هەیە، بۆ ئەمەش سەیری لاتینییەکە بکە.**

**خاڵێکی تر، سێ (و) لە ڕووی ڕێزمانییەوە هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام دەڵێن گوایە جوان نییە، بۆیە واوێکی واوە درێژەکە لادەبرێت و تەنیا دوو (و) دەمێنێتەوە.**

**نم/ پەموو + و + ەکە = پەموووەکە = pemûweke = پەمو + و + ەکە = پەمووەکە = pemuweke**

---

**تێبینی:**

**١- باسی زمانی نووسین دەکەین، نەک زمانی (قسەکردن).**

**٢- باسی چوار (ی) ناکەم، چونکە زۆرینە سێ (ی)شی پێ قەبووڵ ناکرێت و ناینووسێت!**